# بەخێربێیت بۆ ئۆنتاریۆ

وەزارەتی ڕاهێنان، کۆلێژ و زانکۆکان بەخێرهاتنت دەکەن.  ئێمە پرۆگرامەکانی کار و ڕاهێنان و خزمەتگوزاریەکان پێشکەش دەکەین بۆ یارمەتیدانت لە نیشتەجێ بوون لە ئۆنتاریۆ.

## بەدوای کاردا دەگەڕێیت؟

بۆ یارمەتیدانت لە دۆزینەوەی کار، کورتەیەک لە پوختەی ئەزموونەکانت (سی ڤیەک) بنووسە، تەکنیکەکانی چاوپێکەوتنت باشتر بکە و کارامەییەکان و کارەکانت بەرز بکەوە، Employment Ontario بۆ تۆ لێرەیە.

ئێمە ئەو کەسانە بەیەکەوە دەبەستینەوە کە بە دوای کاردا دەگەڕێن لەگەڵ خاوەنکارەکان کە بەدوای دۆزینەوەی کارمەندن.  چەندین ڕێگە هەن بۆ بە یەکەوە بەستنەوەی تۆ بە خزمەتگوزاریەکانمان:

زیاتر فێر بە لەبارەی ئەوەی ئێمە چۆن یارمەتیت بدەین لە ڕێگەی سەردانیکردنی Employment Ontario لە ئینتەرنێت لە [www.ontario.ca/employment](http://www.ontario.ca/employment)

پەیوەندی بە ناوەندی Employment Ontario وە بگرە بەم ژمارەیە 1-800-387-5656 و قسە لەگەڵ کارمەندێک بکە بەو زمانەی خۆت هەڵیدەبژێریت.  ئەگەر کەڕیت یان کێشەی بیستنت هەیە دەتوانیت پەیوەندی بگری بە 1-866-533-6339.

سەردانی یەکێک لە دابینکەرانی خزمەتگوزاری Employment Ontario مان بکە بۆ ڕاستەوخۆ قسەکردن لەگەڵ ڕاوێژکارێکی کار. زۆرینەی دابینکەرانی خزمەتگوزاریمان بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و سەرچاوەکانی تر بەخۆڕایی پێشکەش دەکەن بۆ یارمەتیدانت لە گەڕان لە کار. تایبەتمەندی نەخشە بەکاربێنە لە سەر ماڵپەڕی Employment Ontario بۆ دۆزینەوەی نزیکترین دابینکەری خزمەتگوزاری.

دەتوانیت خزمەتگوزاری نوێی دەمەتەقێی ئێمە بەکار بێنیت بۆ ڕاستەوخۆ پەیوەندی گرتن لەگەڵ کارمەندێکی Employment Ontario بێ چاوەڕوان بوون.  بۆ بەکارهێنانی تەنیا برۆ بۆ [www.employmentontario.ca](http://www.employmentontario.ca).

## ئایا دەتەوێت لە بازرگانیەکی کارامەیی دا کاربکەیت؟

**دەتەوێت فێری بازرگانیەکی کارامەیی ببیت:** ئەگەر دەتەوێت لە بازرگانیەک یان پیشەیەکی کارامە دا کاربکەیت، ڕاهێنانکردن پرۆگرامێکی ڕاهێنانی سەر کارە. شاگردیکردن پارەی بۆ دەدرێت لە کاتێکدا ئەزموونی کار دەست دەخرێت. ئەوەش دەبێتە هۆی پیشەی بە مووچە باش لەگەڵ ئاستی بەرزی کارامەیی. زیاتر لە 150 کاری بازرگانی هەن کە لە نێوانیان هەڵبژێریت لە بواری بنیاتنان، پیشەسازی/دروستکردن، هێز و خزمەتگوزاری هاندان.   بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئەم لینکە بکە [www.collegeoftrades.ca](http://www.collegeoftrades.ca)

بۆ دۆزینەوەی خاوەنکارێک بۆ ئەنجامدانی شاگردیەک، دەتوانین لە گەڕان لە کارەکەت لە ڕێگەی یەکێک لە دابینکەرانی خزمەتگوزاری Employment Ontario ئێمەوە یارمەتیت بدەین.  بۆ دۆزینەوەی نزیکترین ناوەند لە خۆت، سەیری ئەم لینکە بکە [http://feats.findhelp.ca/eng/search.html](http://feats.findhelp.ca/eng/search.html) یان پەیوەندی بە ناوەندی Employment Ontario وە بگرە بەم ژمارەیە 1-800-387-5656.

**تۆ ئەزموونت هەیە لە بازرگانی کارامەیی دا:** ئەگەر ئەزموونت لە بازرگانیەکی کارامەیی دا هەیە کە دەتەوێت تیایدا کار بکەیت، کۆلێژەکانی بازرگانی ئۆنتاریۆ هەلی **بازرگانی** پێشکەش دەکەن **هەڵسەنگاندنی یەکسانی** ئەوە دیاری دەکات ئەگەر تۆ ئامادە بیت بۆ دەرچوون لە تاقیکردنەوەکە بۆ ئەوەی بڕوانامەت پێبدرێت.  ئەگەر ئەزموونی تەواوت نیە لە پیشەکەت بۆ

ئەوەی بڕوانامەت پێدرێت، ئەوە بە پێی پێویست ڕێنوێنیت دەکەن.  بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بگرە بە OCOT بەم ژمارەیە 1-855-299-0028/647-847-3000, ئیمەیل بنێرە بۆ info@collegeoftrades.ca یان سەیری ئەم لینکە بکە www.collegeoftrades.ca

## ئایا پێویستت بە فێرکردن یان ڕاهێنان هەیە؟

ڕاوێژکارێکی Employment Ontario دەتوانێت یارمەتیت بدات لە دۆزینەوەی ئەو خزمەتگوزاریەی بۆ تۆ باشترینە.

**پیشەیەک بدۆزەوە کە بۆ تۆ باشترینە:** بڕۆ بۆ ئینتەرنێت بۆ www.ontario.ca/employment سەردانی دۆزەرەوەی کار بکە بۆ فێربوونی زیاتر لەسەر بەربژارەکانی کار.

**تەواوکردنی قوتابخانەی ئامادەیی:** نەبوونی بڕوانامەی قوتابخانەی ئامادەیی دەکرێت ببێتە بەربەست لە ڕێگەی دۆزینەوەی کارێک.  بزانە چۆن تاقیکردنەوەی پەرەپێدانی پەروەردەی گشتی دەتوانێت یارمەتیت بدات لە دەستخستنی بڕوانامەیەکی قوتابخانەی ئامادەیی.  بڕۆ بۆ http://www.ilc.org/ged/index.php.

**زانیاری وەربگرە لەبارەی دەرفەتەکانی فێربوون بۆ گەوران:** پرۆگرامی بەرزکردنەوەی ئەکادیمی دەکرێت یارمەتیت بدات لە بەدەستهێنانی فێربوون کە یارمەتیت دەدات لە دۆزینەوەی کار، پاراستنی کارەکەت، یان دەستکردن بە کارێکی نوێ.  ڕاوێژکارەکانمان دەتوانن یارمەتیت بدەن لە دۆزینەوەی ئەو کۆرسانەی لەگەڵ تۆ و کارەکەت گونجاون.

**دەستخستنی ڕێنوێنی کاریی بە کەسیکراو:** کاری زۆرتر پێویستی بە ئاستی بەرزتری پەروەردە و ڕاهێنان هەیە.  لەگەڵ ڕاوێژکارێک قسە بکە لەبارەی حەزەکانت، ئەزموون و تواناکانت.  بەیەکەوە، دەتوانیت هەنگاوی داهاتوو دیاری بکەیت کە شیاوترینە بۆ تۆ.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پرۆگرام و خزمەتگوزاریەکانی کار و ڕاهێنان، تکایە پەیوەندی بگرە لەگەڵ ناوەندی Employment Ontario بە 1-800-387-5656.

## ئایا پێویستیت بە یارمەتیە بۆ کارامەییەکانی زمان و بیرکاریت؟

باشترکردنی کارامەییەکانی خوێندنەوەت، نووسینت، و بیرکاریت یارمەتیت دەدەن لە پێشبڕکێکردن لە بازاڕی کاردا.  دەتوانین یارمەتی کەسانی گەنج و گەورە بدەین لە باشترکردنی کارامەییەکانی خوێندەواری و بیرکاریان، کە پێویستن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی شوێنی کار و سەربەخۆیی زیاتر.

هەروەها دەتوانین یارمەتیت بدەین لە ئامادەکردنت بۆ پەروەردە و ڕاهێنان لە سەر ئاستی کۆلێژ.  لەبارەی پرۆگرامەکانی بەرزکردنەوەی ئەکادیمی و خوێندەواری و کارامەییە بنەڕەتیەکان پرسیار بکە.

ڕاوێژکارانی Employment Ontario لەگەڵ تۆ کاردەکەن بۆ بنیاتنانی کارامەییە تەکنیکیە بنەڕەتیەکان لە ڕێگەی دابینکردنی زانیاری لەبارەی ئەو کۆرسانەی لەلایەن بۆردەکانی قوتابخانە، کۆلێژەکان، و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەوە پێشکەش دەکرێن.

**ئینگلیزی یان فەرەنسی فێر بە:** ڕاوێژکارانی Employment Ontario دەتوانن ڕێنوێنیت بکەن بۆ پرۆگرامەکانی ڕاهێنان کە بە دوو زمانە فەرمیەکەی کەنەدا بەردەستن.

**پێویستیت بە یارمەتی زیاترە بۆ کارامەییەکانی کارەکەت؟** ڕەنگە کارامەیی زیاترت هەبێت لەوەی بیری لێ دەکەیتەوە.  ڕاوێژکارانمان دەتوانن یارمەتیت بدەن لە دەسنیشانکردنی کارامەییەکانت، ئەزموونت، و حەزەکانت بۆ دۆزینەوەی پیشەیەک کە بۆ تۆ باشترینە.

تکایە بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بە ناوەندی Employment Ontario بکە:

یارمەتیت پێویستە؟

لە ڕێگەی ئەم ژمارەیەوە پەیوەندی بگرە 1.800.387.5656

چاتمان لەگەڵ بکە www.ontario.ca/employment

ئیمەیلێک بنێرە employmenthotlineinquiries@ontario.ca